# كورتەیەك دەربارەی یەكێتی سێینەی عێراق



یاری سێینە یان تراسیلیون كە بەیاری پیاوی ئاسنین ناسراوە، یەكێكە لەیاریەكانی خولی ئۆلۆمپی جیهانیو لەكۆی سێ جۆرە وەرزش پێكهاتووە (مەلە، پاسكیل سواری، راكردن). یاری سێینە لەمارسی ٢٠٠٥ لەكوردستان هاتە كایەوەو بەناوی (یەكێتی سێینەی عێراق)، بارەگاكەی لەهاوینەهەواری دوكانە لەسلێمانی، ئەمەش وەك هوشیار كەمالی جێگری سەرۆكی یەكێتی سێینەی عێراق ئاماژەی پێدا، یەكەم یەكێتیە لەعێراقدا بارەگاكەی لەكوردستان بێت، هەروەها ناوبراو باسی لەرۆڵی گرنگی خوالێخۆشبوو هەڵگورد عارف كرد لە هاتنەكایەی ئەم یاریە بۆ ناو عێراقو دەستنیشانكردنی شارۆچكەی دوكان بە مەڵبەندی سەرەكی یەكێتی سێینەی عێراق.

هوشیار كەمال ئاماژەی بە ئەندامانی یەكێتیەكەیان كرد كە لە٧ كەس پێكهاتوونو سەربە شارەكانی (سلێمانی، هەولێر، بەسرە، نەجەف) هەر لەو شارانەش یاریەكە ئەنجام دەدرێت كە رووبەری ئاوی، واتە دەریاچەیان تێدایەو شیاوە بۆ ئەم جۆرە یاریە، روونی كردەوە كە یارییەكان لەدوو جۆر پێكهاتووە یاری هاوینە بریتیە لە (مەلەو پاسكیل سواریو ڕاكردن)، یاری زستانەش تەنها (پاسكیل سواریو راكردن) ئەنجام دەدرێت.

جێگری سەرۆكی سێینەی عێراق لەمەر توانای یاریزانەكان دەڵێت "یاریەكە زۆر گرانەو تواناو لیاقەیێكی زۆری دەوێت بۆ هەردوو رەگەز، لەبەر ئەوەی یاریزانی كورد بەهەموو لێهاتوویی خۆیەوە یاری دەكات، بۆی ئاساییە". ئەو چالاكییانەی یەكێتی سێینەی عێراق تاكو ئێستا ئەنجامی داوە بریتین لە قارەمانێتیو خولی دادوەریو راهێنەران.

هوشیار كەمال گەشبینە بەئایندەی ئەم یاریەو باسی ئەوەی دەكرد كە پاش ماوەیەكی كەم لەدامەزراندنی ئەم یەكێتیە لەعێراق توانیویانە، ژمارەیەكی باش لەیاریزانی باشو بەتوانا دەستەبەر بكەن، تەنانەت پاش ٤ مانگ لەدامەزراندنی یەكێتیكە بەشدارییان لەقارەمانێتی (ئەسەدی نێودەوڵەتی) لەسوریا كردووەو ئەو دەڵێت "لەنێو ٢٦ وڵاتدا پلەی ١٣ هەمان بەدەستهێناو، ئەمەش بەگوێرەی ساوایی سەرهەڵدانی یاریەكە لەكوردستان، ئەنجامێكی دڵخۆشكەرە".

هەر لەمەر چالاكیەكانی یەكێتیەكەیان ناوبراو باسی لەقارەمانێتیەكی هاوینە كرد لەدوكان لە٢٢-٢٠٠٦/٨/٢٤، و قارەمانێتی زستانەش لەرێگەی قەرەداغ لە ٢٢-٢٠٠٦/١١/٢٤ بەبەشداری یانەكانی عێراق بۆ هەردوو رەگەزی نێرو مێ ئەنجام دراوە.. ماوەتەوە بڵێین یەكێتی سێینەی كوردستانیش بەم دواییانە دامەزراو مەڵبەندی سەرەكیشی لەهەولێری پایتەختە.

**نیاز عومەر**

# سەرۆكی باڵای تیپە میللیەكان، نیگەرانە لەسستی كارەكانی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی

پاش یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لەكوردستانو راگەیاندنی حكومەتی كوردی یەكگرتوو، لە ئەنجامی ئەم یەكگرتنەوەیەشدا زۆربەی وەزارەتو بەرێوەبەرایەتیەكانی هەردوولا بوون بەیەكو دەزگا وەرزشیەكان یەكێك بوون لەو دامەزراوانە.

بۆ نمونە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی كە لەئەنجامی یەكبوونی ئەنجومەنی باڵای وەرزشو لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان هاتە كایەوە.

ئەم كارەش بووە مایەی خۆشحاڵی وەرزشكارانو تیپو یانەكانو هیوای گەورەیان لەسەر بونیادنابوو، بەڵام ئەوەی كە دەركەوت پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە بوو، هەر لەم دواییانەداو لەسەر روپەڕی رۆژنامەو تەلەفزیۆنەكاندا ئەنجومەنی ئۆلۆمپی روبەڕووی رەخنەو گلەییەكی زۆری وەرزشكاران بۆتەوە.

عومەر محەمەدی كەریمی وەرزشكاری دێرینو سەرۆكی باڵای تیپە میللیەكان لەسلێمانی، راشكاوانە باس لەسستی راپەڕاندنی كارەكان دەكات لەلایەن ئەنجومەنی ئۆلۆمپیو بە پشتگوێخستنی هەموو كایە وەرزشیەكان ناوی دەبات، بەتایبەتی بەرامبەر تیپە میللیەكانی شاری سلێمانی كە لە ساڵی ١٩٩٧ دا دامەزراوە.

بەگوتەی سەرۆكی باڵای تیپە میللیەكان عومەر محەمەد، ساڵانە لیژنەی ئۆلۆمپی لەپێناو گەشەكردنی وەرزشو هاندانی وەرزشكاران دوو خولی وەرزشی بۆ تیپە میللیەكانی سلێمانی ئەنجام داوە كە یەكێكیان لەپشوی نیوەی ساڵی خوێندنو ئەوی دی لەپشوی كۆتایی ساڵ، بەڵام ئەمساڵو بەتایبەتی پاش یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، فەرامۆشیان كردوون. ئەمە لەكاتێكدا وەك ناوبراو باسی دەكات ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان دەكرد ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بەگرو تینتر ئاوڕ لەهاوكاریو چالاكییەكانی ئەم تیپانە بداتەوە "هەموان لەچاوەڕوانی ئەوەدابووین كەلوپەلی وەرزشی بەسەر هەموو تیپەكاندا دابەشبكرێتو خولو چالاكیەكانیان زیاتر بكرێت، بەڵام سەرۆكی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی نوسراوی ئەنجامدانی خولی تیپە میللیەكانی بێ وەڵامدانەوە بەجێهێشتو سەفەری كرد".

ناوبراو ئاماژە بە لایەنی مادیو تواناكانی تیپە میللیەكان دەكاتو دەڵێت "ئەم تیپانە هیچ بودجەیەكیان نیەو لەسەر حسابی گیرفانی خۆیان یاری دەكەن". لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەهەوڵی دابین كردنی هاوكاری دابوون بۆ تیپەكانیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

دواترین ئەو هەوڵانەش ئەوە بوو لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو بە پەسەندكردنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، لەسەر داخوازی خەرجكردنی بودجەی تایبەت بە (خولی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بۆ تیپە میللیەكان بریاری لەسەر درا، هەروەك بڕیارە ئەم خولە لە ٢٠٠٧/٢/٣ لە چەند یاریگایەك لە سلێمانی بەرێوە بچێت، بەسەرپەرشتی لیژنەی سەرپەرشتی پرۆژە وەرزشیەكانی پارێزگای سلێمانی بەرێوە بچێت.

كەمتەرخەمی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی لەئاست پێداویستیەكانی تیپە میللیەكان بەگوتەی عومەر محەمەد هۆكاری سەرەكی نیگەرانی ئەم تیپانەیە، ئەو دەڵێت "فەرامۆشكردنی تیپە میللیەكان لەلایەن ئەنجومەنی ئۆلۆمپی هۆكاری سەرەكی رەنجاندنی خەڵكو وەرزشكارانە كە ئێستا لەمیدیاكانەوە دەڵێن تیپە میللیەكان خاوەنیان نیە".

ناوبراو جەخت دەكاتەوە كە بەهەوڵو ماندوبوونی خودی خۆیان، نەیانهێشتووە تیپە میللییەكانی شاری سلێمانی بێ خاوەن بن، بەڵام تیپەكانی دهۆك، هەولێر بەجارێ پشتگوێخراون "تەنانەت یاریگاكان نادەنە تیپێك كە سەر بەرێكخستنەكانی خۆیان نەبێت، ئەمەش بە بۆچوونی عومەر محەمەد كارەساتێكی وەرزشیە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەكات "كاتی ئەوە هاتووە تیپە میللیەكانو وەرزش بەگشتی لەژێر سایەی حیزب دەربهێنرێتو دەزگایەكی حكومیو شارەزا سەرپەرشتیان بكات".

**نیاز**

# پانۆرامای چالاكیە وەرزشیەكانی زانكۆی سلێمانی

زانكۆی سلێمانی ماوەی دوو ساڵە رۆڵێكی بەرچاوی هەیە لە چالاكیە وەرزشیەكانی، ناوەوەو دەرەوەی زانكۆ لەگەڵ زانكۆكانی عێراق. كە سەركەوتنی باشیان بەدەست هێناوە، ئەمەش بەو هیوایەی كە بتوانن زانكۆی سلێمانی بخەنەوە ئاستە بەرزەكانی ساڵانی حەفتاو هەشتاكان كە ئەنجامی باشیان بەدەست دەهێنا، لەسەر ئاستی عێراقو درەوەی عێراق. لەم رووەوە مامۆستا عاصی فاتح وەیسی سەرۆكی یەكەی وەرزشیو مامۆستای كۆلێجی پەروەردەی وەرزشی لە زانكۆ، وتی "ماوەی دوو ساڵە لە ناوەوەو دەرەوەی زانكۆ ئەنجامی باشمان بەدەستهێناوە، هەوڵ دەدەین هەنگاو بنێین بەرەو ناوچەگەرێتیو بە مەبەستی ناساندنی زانكۆی سلێمانی لە ڕێی وەرزشەوە بەزانكۆكانی جیهانی".

ناوبراو رۆڵی ئاماژەی بە هاوكاریەكانی سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانیو كۆلێجی پەروەردەی وەرزشیدا، كە هەمیشە هەماهەنگ بوون لەگەڵیاندا، "یەكێك لە هۆكارەكانی گەشەسەندنی وەرزشی زانكۆ، بەهۆی هاندانو ئاوڕدانەوەی سەرۆكایەتی زانكۆیە لە داخوازیەكانی وەرزشو كۆلێجی وەرزشی. "هەروەها وتیشی "كۆلێجی وەرزشی هەمیشە دەرگاكانیان والابووەو بە خوێندكارو تواناو گۆڕەپانەكانیەوە لە خزمەت چالاكیە وەرزشیەكاندا بوون".

یەكێك لەو چالاكیانەی كە بەهەنگاوێك بەرەو ناوچەگەرێتی ئەژمار دەكرێت بەشداری كردنی یەكەی وەرزشی زانكۆی سلێمانی بە هاوكاری كۆلێجی پەروەردەی وەرزشی زانكۆ، لە پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی زانكۆكانی وڵاتە ئیسلامیەكانە لە تاران.

ئەم پاڵەوانێتیە كە هەموو یاریەكانی (تۆپی پێ، باسكە، باڵە، شەترەنج، تایكواندۆ، تۆپی سەرمێز... هتد) لەخۆدەگرێت بۆ كوڕانو كچان، لەسەرەتای مانگی پێنجدا ئەنجام دەدرێو ماوەی ٥/١-٢٠٠٧/٥/٨ دەخایەنێت. مامۆستا عاصی سەبارەت بە بەشدارنەبوونی كچان لەم پاڵەونێتیە وتی " لەبەر ئەوەی یاریەكان لە كۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام دەدرێن، چالاكیەكانی كچان لەخۆناگرێت". بۆ رێگرتن لەسستی یان دواكەوتنی توانای تیپە وەرزشیەكانی كچان لەم جۆرە كۆسپانە زانكۆكانی كوردستان پلانێكی هاوبەشیان دارشتووە بۆ ئەنجامدانی چەند یاریەكی دۆستانە بۆ تیپەكانی (باڵە، باسكە، تۆپی سەرمێز)ی كچان، كە بەنیازن بۆ هەر یاریەك رووبكەنە یەكێك لە زانكۆكانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، موصل، كەركوك).

ئەم یاریانە بەسەرپەرشتی سەرۆكایەتی زانكۆكان خۆیانو وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی كوردستان، ئەنجام دەدرێنو كاتی دەستپێكی ئەم پلانەش دەكەوێتە دوای پشوی نیوەی ساڵو سەرەتای وەرزی دووەمی خوێندنەوە.

هەروەها یەكەی وەرزشی زانكۆی سلێمانی، بە نیازە بەشداری لە پاڵەوانێتی زانكۆكانی عەرەبی بۆ كچانو كوڕان لە تونس بكات، بۆ ئەوەش یەكەی ناوبراو لە هەوڵو پەیوەندیدایەو چاوەڕوانی ڕەزامەندیو ناردنی مەرجو رێنماییەكان دەكات. ئەم پاڵەوانێتیە بۆ هەموو یاریەكانە لەسەر ئاستی زانكۆكانی عەرەبی، ئەنجام دەدرێن.

# یاری كۆتایی خولی باسكەی ئامادەییەكانی كچان ئەنجام دەدرێت

تیپەكانی باسكەی سەر بە دواناوندیەكانی كچان لە خۆئامادەكردندان بۆ ئەنجامدانی یاریەكانی كۆتایی خولی باسكەی ناوەندیو ئامادەیەكان.

سەرچاوەیەك لە بەرێوەبەرایەتی چالاكی وەرزشیو دیدەوانی سلێمانی بە رێوانی راگەیاند كە بەرێوەبەرایەتیەكەیان بە نیازە لە رۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٠ یاریەكانی كۆتایی بۆ تیپەكانی باسكەی سەر بە ناوەندیو ئامادەیكانی كچانی شاری سلێمانی لە هۆڵی یانەی پێشمەرگە بەرێوە ببات.

ئەم خولە بەسەرپەرشتی بەرێوەبەرایەتی چالاكی وەرزشیو دیدەوانی سلێمانی، كە لە ٢٠٠٦/١٢/٢٥ كرایەوە، ١٩ بەشدابوون، تیپی ئامادەییەكانی ( خانزاد، رزگاری، شێنێ، رەوشەن بەدرخان) بۆ یاریەكانی كۆتایی مانەوە كە بەهۆی هاتنی جەژنو دەستپێكردنی تاقیكردنەوەكانەوە یاریەكانی كۆتایی دواخران.

ئاڤان عیزەتی سەرپەرشتیاری هونەری، لە بەرێوەبەرایەتی ناوبراو لەم بارەیەوە وتی "هەرچەندە بە هاتنی جەژنو نزیكبوونەوەی تاقیكردنەوەكانو پشوی نیوەی ساڵەوە یاریەكانی كۆتایی دواخران، بەڵام لەبەرژەوەندی تیپەكانە بۆ ئەوەی زیاتر راهێنانو خۆیان ئامادەبكەن بۆ پێشبڕكێكە".

## گیا دەرمانی

### پەتاتە

**ئا/ فەرزانە عەلی**

ڤیتامینەكان: K,A,B, B1,B6,B9,C

تایبەتمەندییە دەرمانییەكان:

١-خواردنی بۆ چارەسەركردنی كەمبوونی ڤیتامین Cسودبەخشە. دژە ڤایرۆسو نەخۆشی شێرپەنجەیە.

٢- بۆ ماوەی سێ رۆژ تەنها پەتاتە بخورێت، بە تایبەتی بە كوڵاوی بێ خوێ پێوەكردنو بە ئاوی ترێ یان سێو یان هەر میوەیەكی دیكە تەربكرێت، ئاوسانی دڵ چارەسەر دەكات.

٣-لەنێو رۆن زەیتوندا سوربكرێتەوە، بۆ ماوەی سێ رۆژو لەهەر رۆژێكدا سێجار دوای خواردنی ژەمەكان كەمێكی لێ بخورێت، لەخوێن بەربوونی زۆری سورِی مانگانە پێشگیری دەكات.

٤- لەنێو تەنووردا ببرژێنرێتو دواتر لەگەڵ پرتەقاڵو پەنیردا بخورێت، ئازاری گورچیلە سارێژدەكات.

٥- هەموو رۆژێك ورد ورد بجنرێت یان لەمەكینەی قیمە بدرێتو ئاوەكەی بگیرێت، دواتر ئاوەكەی بەهەنگوین شیرین بكرێو بخورێت، برینی گەدە چارەسەردەكات.

٦- بەشێوەیەكی زۆر ورد لەرەندە بدرێتو لەگەڵ رۆنی زەیتون تێكەڵ بكرێت، وەك هەتوان لەشوێنی سوتاویو مایەسیریی بدرێت، بۆ چارەسەركردنیان زۆر سودبەخشە.

ڕێوان

**خاوەنی ئیمتیاز**
روناك رەئوف

**سەرنووسەر**
روناك فەرەج

**جێگری سەرنووسەر**
هانا شوان

**نەخشەساز**
سەیران ئەمین ئەحمەد

ناونیشان:سلێمانی -كارێزە وشك بەرامبەر پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان
ژ.ت: ٣١٢٤٢٨٧ –٣١٣٣٠١٥
www.rewan.org
Email: rewankurd@yahoo.com